# ئەدەب... زیندەگی و ئەزموونی دەستی دووەم

هەر چەندە ئەدەب بە گشتی و ئەدەبی داستان ـ ئامێز بە تایبەتی پتر وەك گەمەكانی خەیاڵ چاوی لێ كراوە، بە جۆرێك كە ژمارەیەكی زۆر هەن وا تەماشای ئەدەب دەكەن كە پتر بۆ كات بەسەربردنە و سەرمەستبوونە بە جیهانێكی خۆشی فانتازیا و خەیاڵبلاوی، پتر لە خۆشخەیاڵیی نووسەرەكانەوە هاتووە، لەناو خەڵكی ئێمەدا وەها سەیری ئەدەب ـ خوێن دەكرێت كە چارێكی دیكەی نییە بۆ 'كات ـ كوشتن' بێجگە لە ئەدەب. لە بەرامبەر ئەوانەشدا ژمارەیەكی كەم وەك گەشتێكی پڕ لە فەڕ و دەوڵەمەندی فیكر و تێگەیشتنێكی زۆرتری مرۆڤ تەماشای دەكەن، كە بێ خوێندنەوە مرۆڤ لە كورتی دەدات. زمانێك و گوزارشتێكە لە سەردەمە سیخناخەكان بە ململانێی رامیاری و كۆمەڵایەتی و نەخشەی مۆراڵی مەردوومەكان لە جوگرافیا و زەمەنە جیاوازەكان، ئەدەب رەنگدانەوەی ئەو ململانێ و كۆی كێشەكانی نێوان ماتریالیزم و ئایدیالیزمە، یان كۆمیدیای مرۆیی و تراژیدی مرۆیی.

كتێبەكان، چەندە هەمەچەشن بن، بۆ ئێمە دەروازەگەلێكە كە زۆرترین زانیاری و كەس بناسین، بەڵام دوو دژە بۆچوون هەن كە گوایە ئەدەبی خەیاڵی، داستانئامێز یان شیعر، وەك زیندەخەون تەماشا دەكرێت. ئاخۆ ئەدەب وەڵام بە داواكانی واقیع دەداتەوە؟ ئێمە كە راستەوخۆ دەستمان بە ئەزموونی كەسانی دەوروبەری خۆمان ڕاناگات، یان هی ژمارەیەكی زۆر لەوانەی كە دەكەونە ئەودیو جوگرافیای ئێمەوە، ئەو ئەزموونە ناچێتە دۆخی كڕینی كەلوپەلێكی دەستی دووەم، چونكە كتێبەكان نزیكمان دەخەنەوە لە رۆح و گەوهەر و كرۆكی بنیادەم، بە ڕەچاوكردنی هەموو باكگراوندێكی رامیاری و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی. رەنگە خودی ئەدەب و هونەر لە پاڵ لقەكانی دیكەی زانستە مرۆییەكان پتر نزیكمان بخەنەوە لە تێگەیشتن لە رۆحی خۆمان، هەتا گەر كەسێك بۆ كات بەسەربردنیش رۆمانێكی پۆلیسیی یان سیخوربازی بخوێنێتەوە، ئەوەی بیر ناچێت كە بۆ تێگەیشتن لە نهێنی و رازەكانی مرۆڤ بگەڕێت لەمەڕ تاوان و ئەو بەشە رەش و شاراوەی مرۆڤ كە هانی دەدات بۆ شەڕانگێزی. گومانێكی دووەم لە ئەزموونی ناو كتێبان ئەوەیە كە بە زمانێكی پڕ لە رەمز و خوازە و باڵاتر لە تێگەیشتنی ڕەشەخەڵكەكە نووسراوە كە دوورمان دەخاتەوە لەو ئامانجەی كە ئەدەب دەیخوازێت، مادامەكی دەستەبژێرێك لە نووسەرانی هۆشمەند بۆ ژمارەیەك لە دەستەبژێری خوێندەواران دەینووسن، ئەو هەموو هەست و نەست و فیكرە دەوڵەمەندە كە لە فۆرمێكی باڵا و بە تەكنیكێكی ئاڵۆز نووسرابێت، گرانترە لەوەی هەموومان تێبیگەین، كێ دەتوانێت ئەو هەموو تێما و هێما و كۆدانە شی بكاتەوە؟ هەندێك پروایان وایە كە خەڵكی نەخوێندەوار زیندووترن لە خەڵكی خوێندەوار، چونكە هەر ئەوانن كەرەستەی فیكر و ئەدەب، ئەوان پتر بە ژینی گەرم و گوڕەوە نووساون، دەوترێت گوایە نووسەران كێن بێجگە لە ژمارەیەك لە دزی تەڕدەست كە سیخورانە خۆیان مەڵاس داوە زیندەگی و نهێنییەكانی خەڵكی دیكە بە تاڵان بەن.

بەڵام نووسەران بۆ بەرگری دەڵێن: ئێمە تیكە و تیلماسێكمان لەو ژیانە بردووە، ئەویدیكەیان هۆش و گۆش و فانتازیا و خەیاڵی بە پرشتی خۆمانە، ئێمە ژیانێكی دیكەمان لەو تیكە و تیلمەیە داتاشیوە. كەواتە كامەیان لە پێشترە: ژیانێكی گەرمی دوور لە كتێب یان ئەزموونێكی رەنگاورەنگی ناو كتێبان كە سیحرێكی گەورەتر بە خودی زیندەگیش ببەخشێت؟

بۆ ئەوەیان سێ وەڵاممان دەست دەكەوێت بێئەوەی ڕاپرسیمان كردبێت، چونكە كەسمان نییە لەنێو گەرمەی گفتوگۆی نووسەران و خوێنەرانی عاشقە كتێب یان خەڵكانی تەوەللا لە ئەدەب و دڕدۆنگ و دوژمن بە كتێبان نەكەونەوە ناو ئەو سێ كاتیگۆریە: یەكەمیان پروای وایە كە ژیان بۆ خۆی یەكەمین سەرچاوە و دوا سەرچاوەیە بۆ تێگەیشتن لە خۆمان و دونیا، ئەدەب وێنەیەكی ساختەیە و سەرگەرمكردنێكە بە خۆشخەیاڵی. دووەمیان وا مەزندە دەكات لەتەك ژیاندا ئەدەب ئەزموونێكی دەستی دووەمە و هاوتەریب بە هەمان خورەمی زیندەگی رێدەكات و ئاوسە بە هەموو رەگەزەكانی ژیان، چاوی دیكەمان پێ دەبەخشێت بۆ بینینی خۆمان و مەردوومەكان و جیهانی دەوروبەر. سێیەمیان خۆیان بە خەڵكێكی ئەوەندە بێباك و ماندوو دەزانن كە لە ماراسۆنێكی هەتاهەتایە و نەبڕاوەدان، هیچ بواریان نییە گوێ لەم دوو خێڵە بگرن كە بێهوودە شەڕ لەسەر شتێكی بێ بناغە دەكەن و بێجگە لە كات بەفیڕۆدان هیچی لێ بەرهەم نایەت، ڕاكەڕاكەی بێوچانی ناو بازاڕی ژیان وای لێكردوون كە ئاوڕ لە هیچ كامیان نەدەنەوە.

رەنگە لەو نێوانەدا ناوبژیوانێكی شەرمن پەیدا بێت و بە منگەمنگێكەوە زات بكات و بڵێت: ژیان چەندە سەرچاوەیەكی دەوڵەمەند بێت، ئەزموونێكی پڕ و دەستی یەكەمین بێت، ئەزموونی ناو ئەدەب باوەجوو هاوتەریب و دەستی دووەم بێت، وەلێ بێ ئەو وێنەی دووەمینە مەحاڵە لە رۆحی نەسرەوت و نەگیراو و نادیاری خودی ژیان تێبگەین، ڕاوكردنی هەموو رەنگ و دەنگەكان مەحاڵترە.

ئایا ئەزموونی دەستی یەكەم كە خودی ژیانە و جێگەی بایەخی زۆرینەیە بۆ خۆی ژیانێكی دەرە كتێبە یان ئەزموونی دەستی دووەمیش مایەی رێزە كە ئەزموون و خەون و خولیا و تەقەللاكانی مرۆڤە لە بواری هەمەچەشنەی فیكری و هونەری و ئەدەبی و هەموو ئەو لقانەی دیكەی زانستە سروشتی و مرۆییەكانە كە كەوتوونەتە دوتوێی كتێبەكانەوە؟

ئێمە وەك گیانلەبەرەكانی دیكە نەخولقاوین كە بە هەموو شێوەیەك و راستەوخۆ بۆ ژیان ساز و ئامادە كرابین، بەڵكوو ئێمە تا

رادەیەك بۆ زۆربەی پێوستییەکان و تێگەیشتنمان لە ژیان بۆ هەمیشە دەچینەوە ناو بازنە و خانەی ئەزموونی دەستی دووەم کە سەرچاوەکەی کتێبەکانن، بەتایبەتی لە دونیای تازەدا. گەر خۆمان بە 'دەستی یەکەم' ببەستینەوە، ئەوەیان بەو مانایە دێت کە کۆی ئەزموونەکەمان پتر هەستەکی ـ ئیحساساتی ـ دەبێت، واتا دەچینەوە ناو دارستان و سروشتی رووت و پەتی کە سەرچاوەی زیندەگیمانە. گەر وا بێت ئەوەی کە خوێندەوار لە کتێبەکانەوە چنگی دەکەوێت وەك جۆری ئەزموونەکان، کەم و کورتی دەهێنێت لەچاو ئەوەی نەخوێندەوارێك لە کەسەکانەوە چنگی دەکەوێت. گریمان کەسێك پروا بەوە بکات کە مادامەکی ژیان خۆی سەرچاوەیە بۆ کتێبەکان..دە کەواتە لەبەرچی نەگەڕێینەوە ناو کانگاکانی ژیان خۆی؟ بەڵام پروایەکی وا لە ڕووی واقیعییەوە لەق و ناجێگیرە، چونکە ئەزموونی ناو کتێبەکان پوختە و هەڵبژاردەی هەموو ئەزمونی مرۆڤایەتییە، وەك ژیان هەر هەموومان زیندانی جوگرافیایەکی دیاریکراوین، کەچی کتێبەکان سنووربەزێنن، هەر هەموومان بۆمان ناکرێت وەك پەیوەندیی ئادەمیزادانە بەر یەکدی بکەوین، کەچی کتێبەکان باڵیان هەیە و بۆ کوێ بمانەوێت دەفڕن و دەفڕین. راست نییە بە کەس بڵێین واز لە کتێبەکان بهێنێت، بەڵام دەتوانین بۆ دەوڵەمەندبوونی ئەزموونی خۆی وا چاکترە هانی بدەین کە کتێبی باشتر بخوێنێتەوە.

هاوسۆزانی ئەزموونی دەستی یەکەمی نەخوێندەوارەکان کە بە سروشتی و ڕەمەکی ژیان دەوڵەمەندن، بۆ هەمیشە نیشانە ناپێکن و ناگەن بە ئامانجی پێشبینیکراو و گەشبینانە، نەخۆشیی ژیاری ژێر هەژموونی تێکنۆلۆژیا خۆی لەو گاپ و خەرەندەدا دەبینێتەوە کە تا دێت قووڵتر و بەرینتر دەبێت کە کەوتۆتە نێوان قەبارە و سروشتی رێکخستنی کۆمەڵایەتی کە پێویستە بۆ بە کۆمەڵ ـ بەرهەمهێنانی کەلوپەلی هەرزان بۆ بەرخۆرەکان، لە بەرامبەر قەبارە و  سروشتی کۆمەڵگایەکی تەندروست لە لایەنی سایکۆلۆژی و سیاسییەوە. ئاکام دەگەینە ئەوەی کە نەزانین کەوتووینەتە سەر رێگەی مەرگی رۆحی کە شەیتان بازاڕی و هەوای بەرخۆری دەیکوژێت، جا ئەزموونەکە چ هی دەستی یەکەم بێت و چی هی دەستی دووەم.

گەر پشت لە کتێبەکان بکەین بە ناوی ئەوەی ئەزموونی دەستی دووەمە، بەتایبەتی لێرەدا پتر مەبەست ئەدەبە، واز لە وشەی چاپکراو بێنین تەنها دوو شت قازانج دەکەین: باشتربوون یان تیژبوونی یادەوەری و دەستخەتی خۆش، بەڵام ئەوەیان بە دادی چی دەخوات لە ناو سەردەمێکدا کە کۆی ئەزموونی مرۆڤایەتی وا لە ناو هەناوی کتێبەکاندایە یان راستترە بڵێین وا خەریکە دەکەوێتە ناو هەناوی کۆمپیوتەرەکانەوە.

لەمرۆکەدا ئینتەرنێت ژمارەیەکی زۆری لە خەڵکی بۆ خۆی دزیوە، هیچ راپرسییەکیش نییە لای ئێمە بزانین لە ناو تۆرەکاندا بە دوای چیدا وێڵن، چونکە کتێبخانەی گەورەی تێدایە، بێجگە لەوەی کە زۆرێکیش لەو کەرەستە و ئامرازانەی کات بەسەربردن هەن کە خەڵکی لە دەوری خۆیان کۆ دەکەنەوە، راستە سینەما و شانۆ و ئۆپێرا کاریگەرییان لەسەر هەست و نەستی خەڵکی هەیە، لەوەشدا هەر هەموو هونەرەکان پێویستیان بە کتێب دەبێت، سینەما و شانۆ  بێ دەقی نووسراو نەدەگەیشتن بەم ئاستە بەرزەی پێی گەیشتوون، هەر هەمووشی کاریگەریی لەسەر روانین و هەڵسوکەوتی ئێمە هەبوو، بگرە کۆی مۆراڵی ئێمە، بە دیوی جوان و ناشیرینیدا.

شکسپیر بۆ شانۆگەرییەکانی بۆ مێژوو گەڕاوەتەوە، بەڵام دیدگایەکی قووڵترمان پێ دەبەخشێت بۆ ناسینی مێژووی ئەمرۆکەمان، بێ دۆستۆیڤسکی و تۆلستۆی ناتوانین لە روسیای قەیسەری تێبگەین. بۆ هەمیشە کارەکتەرەکان دەبنە نموونەی باڵا بۆ ئێمە، بۆیە  ئەو قسەیەی ' ئۆسکار وایلد' بە ڕاست دەگەڕێت کە پروای وایە دەشێت ژیان بۆ خۆی لاسایی هونەر و ئەدەب دەکاتەوە.

هاوینی ـــ 2013